پۆلیسی تورکیا لە جولەمێرگ هەڵیانکوتایە سەر ماڵی رۆژنامەنووسێکی کورد

پۆلیسی تورکیا ئێوارەی دوێنێ هەینی لە گەڕەکی کیشلای گەڤەری سەر بە جولەمێرگ هەڵیانکوتایە سەر ماڵی پەیامنێری ژن نیوز "ڕابیعە ئەنقەر".

زانراوە لە چوارچێوەی ئەو لێپرسینەوەیەی لەلایەن سەرۆکایەتی داواکاری گشتی جولەمێرگ دەستی پێ کردووە، بڕیاری پشکنینی ماڵی ڕابیعە ئەنقەر و دەستبەسەراگرتنی کەرەستە دیجیتاڵییەکانی درا، هەروەها پۆلیسەکان چەندین کاتژمێر ماڵەکە گەڕاون و دەستکاری هیچ کەرەستەیەکی ئەویان نەکردووە. هەواڵەکەی ڕابیعە دەربارەی چەتەی لەشفرۆشی و ماددەی هۆشبەر کە بە ناونیشانی "شەڕی تایبەت لە جولەمێرگ" ئامادەی کردبوو، ماوەیەک بوو بە ڕای گشتی و بەگوێرەی زانیارییەکان لەکاتی هەڵکوتانە سەر ماڵەکەی ڕابیعە ئەنقەر لە ماڵ نەبووە و بڕیاری "گرتن"ـی بۆ دەرچووە.